
# تیۆرەکانی ڕاڤەکردنی ئاستەنگەکانی فێربوون و جێبەجێکردنە پەروەردەییەکانیان

# النظريات المفسرة لصعوبات التعلم وتطبيقاتها التربوية

# Theories Explaining Learning Difficulties and Their Educational Applications

## خوێندنی باڵا – ماستەر: بەشی پەروەردەی تایبەت: پسپۆڕانی (ئاستەنگەکانی فێربوون)



بەشی 1

ماموستای بابەت: پ. ی. د. آراز حكيم رضا

araz.radha@su.edu.krd

# بەشی یەکەم:

# تیۆر

# Theory



ئامادەکردنی: پ. ی. د. آراز حکیم رضا
araz.radha@su.edu.krd

# ئامانجەکانی ئەم بەشە چیین؟






araz.radha@su.edu.krd

تیۆر بنەمایەکە بۆ بەرهەمهێنانی مەعریفە لەبارەی جیهانی کۆمەڵایەتی، ئەو معریفەیە واقع پێکناهێنن، بەڵام ڕۆڵێکی گرنگ دەبینن لە شیکردنەوەی جیهانی کۆمەڵایەتی.



تەوەری

1

# پێناسەی تیۆر (بیردۆز) چییە؟:

○ تیۆر یان بیردۆز بە (ئینگلیزی: Theory) چەمکێکە خاوەنی دوو کۆمەڵە واتای بەرینە، یەکیان لە زانستە ئەزموونییەکاندا بەکاردێت (هەم سروشتی و هەم کۆمەڵایەتی) و ئەوی تریان لە فەلسەفە، بیرکاری، لۆژیک و لە نێوان لقەکانی تری زانستە مرۆییەکاندا. جیاوازی و تەنانەت مشتومڕێکی بەرچاو هەیە لە نێوان زانستەکاندا سەبارەت بە بەکارهێنانی دروستی زاراوەکە.

○ لە زانستدا؛ بیردۆزەکان کاتێک پێکدەهێنرێن، کە تاقیکردنەوە لەسەر کۆمەڵە گریمانەیەکی پێکەوە بەستراو ئەنجام دەدرێت و بە کۆمەڵێک بەڵگەی تاقیکراوە پاڵپشت دەکرێت. لەبەر ئەوە بیردۆز لێکدانەوەیەکی فراوان و گشتگیری دیاردەیەکی سروشتی لەخۆی دەگرێت و بەو بەڵگە زانستیانە کە لە ئەنجامی تاقیکردنەوە و سەرنجدانەکان کە لەو باوەڕەدان ڕاست بێت پاڵپشتی دەکرێت.



araz.radha@su.edu.krd

- له ڕووی زمانەوانییەوە تیۆر بەوە ناسراوە کە لە ڕوانین وەرگیراوە، واتە تێڕامان لە کاتی بیرکردنەوە لە شتێکدا، لە ڕووی زاراوەییەوە بە ڕێسا و پرەنسیپێک ناسراوە کە بۆ وەسفکردنی شتێک بەکاردێت، جا چ زانستی، فەلسەفی، مەعریفی، یان ئەدەبی بێت. ئەم تیۆرە لەوانەیە ڕاستییەکی دیاریکراو بسەلمێنێت، یان بەشدارە لە بنیاتنانی بیرێکی نوێدا.
- پێناسە ئاساییەکانی تری تیۆر بریتیین لەوەی لێکۆڵینەوەیەکی عەقڵانی و لۆژیکییە لە بابەتێکی دیاریکراو، بە مەبەستی کۆتاییهێنان بە کۆمەڵێک دەرەنجام و ئەنجام کە بەشدارن لە بەهێزکردنی سەرەکی بیرۆکەیەک کە تیۆرەکەی لەسەری بنیات نراوە.

# Theory


araz.radha@su.edu.krd

تەوەری 2

# مێژووی چەمکی تیۆر:

- چەمکی تیۆری بۆ یەکەمجار لە فەلسەفەی یۆنانیدا بەکارهێنرا بۆ ئاماژەدان بەو زاراوە و چەمکانەی کە دژایەتی جێبەجێکردنە پراکتیکییە ڕاستەقینەکان دەکەن، فەیلەسوفی یۆنانی ئەرستۆ بە یەکەم کەس دادەنرێت کە پشتی بە جێبەجێکردنی بیرۆکەی تیۆری بەست بۆ جیاوازیکردن لە نێوان ڕاستییە کارپێکراوە ڕاستەقینەکان و تیۆرە فیکرییەکان. پاشان زاراوەی تیۆری بوو بە یەکێک لەو زاراوە مەعریفیانەی کە لە زۆر بواردا بەکاردەهێنرێن، جا فەلسەفی بێت، یاخود زانستی بێت یان بوارەکانی تر.
- لە سەدەی شانزەهەمی زاییندا، چەمکی تیۆر بە شێوەیەکی بەرفراوانتر بەکارهێنرا بۆ ئاماژەدان بە چەندین جۆری لێکۆڵینەوە کە پشتیان بە سەرچاوە و ئاماژە باوەڕپێکراوەکان بەستبوو، توانای شیکردنەوە و لێکدانەوەیان هەبوو، و دەتوانرا لە چوارچێوەی بوارەکەی خۆیاندا جێبەجێ بکرێن، و بەشدارییان دەکرد لە بەدەستهێنانی زیادکردنێکی پێشکەوتوو بۆ کۆمەڵێک لە بوارە ئەکادیمییەکان، بەم شێوەیە تیۆرەکان بوونە بەشێکی گرنگی توێژینەوەی مرۆیی، زانستی، پزیشکی، ئەدەبی و فەلسەفی، کە لە زۆرێک لە قوتابخانە و زانکۆکان دەخوێندرێن.

araz.radha@su.edu.krd

تەوەری 3

# تیۆری زانستی و پێوەرەکانی:

○ تیۆری زانستی: جۆرێکی دیاریکراوی تیۆرە کە لە میتۆدی زانستیدا بەکاردێت. ڕەنگە مانای تیۆر بگۆڕێت بەپێی ئەوەی پرسیارەکە لە کێ دەکەیت. جەیمی تێنەر Jaime Tanner ؛ مامۆستای بایۆلۆجی لە کۆلێژی مارلبۆرۆ دەڵێت: شێوازی بەکارهێنانی زاراوەی تیۆری زاناکان، کەمێک جیاوازە لە بەکارهێنانی باوی خەڵک، زۆربەیان بەکاریدەهێنن بۆ ئاماژەدان بە بیرۆکەیەک یان هەستێک کە کەسێک هەیبووە، بەڵام وشەی تیۆر لە زانستدا ئاماژەیە بۆ ئەو ڕێگایەی کە ئێمە بەهۆیەوە ڕاستییەکان لێکدەدەینەوە.

○ لە زانستەکان؛ بیردۆزی زانستی یان تیۆریی زانستی پێکهاتووە لە کۆمەڵێک چەمک و لە ژمارەیەک ڕێسا. چەمکەکان دیاردەگەلی شایەنی لێڕوانینیان لە خۆیان گرتووە، کە بە شێوەی تایبەتمەندیگەلی شایەنی پێوانەکاری دەربڕاون، و ڕێساکان (پێیان دەگوترێت یاسای زانستی) پەیوەندییەکانی نێوان لێڕوانینەکانی ئەم جۆرە چەمکانە نیشاندەدەن. کەواتە: بیردۆزی زانستی لێکدانەوەیەکی پتەوی دیاردە سروشتییەکانە یاخود بەشێک لە دیاردەکان کە لە ڕێگەی تاقیکردنەوەی زانستی و تێبینی سەلمێندراوە.


araz.radha@su.edu.krd

○ کەواتە تیۆری زانستی بیریتییە لە کۆمەڵێک گریمانە کە هەندێکیان بە هەندێکی دیکەیانەوە بەستراونەتەوە، و یارمەتی تویژەران و لێکۆڵەران دەدات بۆ ڕاستکەری و تۆمارکردنێک شیاوبێت بۆ ئەزمونگەریي، بۆ ئەوەی سودی لێ ببیندرێ بۆ بەڵگەخوازی و دەرەنجامی لۆژیکی.

○ هەروەک لە میانەی ئەنجامی یەک گریمانە ناگەینە هەڵویستی کۆتایي جێبەجێکردنی گریمانەکە و سەلماندنی، چونکە یەک گرمانە تەنها یەک ڕووی تیۆرەکە دەردەخات، بەڵام ڕاستی تیۆرەکە و وردەکاريي پێویستی بە ئەنجامی لۆژیکیە (الاستدلال المنطقي)، واتە تیۆرەکە ڕۆڵی بەڵگەی لۆژیکی دەبینێت بۆ گەیشتنمان بە واتای ڕاستەقینە (المدلول الحقيقي)، کە ئەویش ئەنجامی بژارکراوە (النتيجة المنتقاة). چونکە تیۆر بابەتەکە بە ڕووماڵ دەکات و لەوانەیە بیخزێنێتە ناو گۆڕاوێک یان زیاترەوە.

○ هەر تیۆرێکیش لایەنی بەهێز و لاوازی خۆی هەیە، بۆیە (باترسۆن) ژمارەیەک پێوەری لۆژیکی دیاریکردووە کە لە ڕێگەیانەوە دەتوانین کوالیتی تیۆر هەڵبسەنگێنین کە ئەمانەن:


araz.radha@su.edu.krd

1. بایەخ (Importance): واتە پێویستە تیۆرەکە بایەخی خۆی هەبێت و بەڵگەی جێبەجێکردنی دیاریکراوی هەبێت.
2. وردی و ڕوونی (Preciseness): واتە دەبێت لە ناوەوە پێکەوەبەستراو بێت، هەرس بکرێ و لێی تێبگەی و دوور بێ لە ناڕوونی و تێکەڵی و پێکەڵی. دەشتوانین ڕادەی ڕوونی لە میانەی بەستنەوەی بە ئەنجامەکانەوە تاقی بکەینەوە، یان بەستنەوەی بە توانای پەرەپێدانی پێشبینییەکان.
3. کەمی تێچوون و سادەیی (Parsimony or Simplicity): تیۆرەکە لانی کەمی ئاڵۆزی و گریمانەکاری لەخۆی بگرێت.
4. گشتگیری (Comprehensiveness): پێویستە تیۆرەکە ڕووماڵی تەواوەتی بابەتەکە بکات.
5. توانای گرتنەبەری ڕێککاریی هەبێ (Operationality): واتە توانای پوختکردنەوەی ڕێککارەکانی هەبێت، بە مەبەستی تاقیکردنەوەی گریمانە یان پێشبینییەکانی، چەمکەکانیشی تەواو ورد بن بۆ ئەوەی پێوانە بکرێن.


araz.radha@su.edu.krd

6. توانای ڕاساندنی تاقیگەری و بەدواداچوونی هەبێت (Empirical Validity): کە شارەزایی و توێژینەوە ئەزموونییەکان پاڵپشتی ڕاساندنی تیۆرەکە بکات و هەروەها پێویستە مەعریفەی نوێی لێ پەیدا ببێت. بەشێوەیەکی گشتی ئەو تیۆرانەی کە توێژینەوە ئەزموونییەکان پشتڕاست یاخود دووپاتی ناکەنەوە لەوانەیە بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ببێتە هۆی مەعریفەی تازە لە میانەی وروژاندنی لە پێناو خوڵقاندنی تیۆری باشتر.

7. بەرداریي (Fruitfulness): مەبەست توانای تیۆرەکەیە بۆ کۆمەڵێک پێشبینی کە توانای تاقیکردنەوە و ئەزمونکاری و پەرەپێدانی مەعریفەیەکی تازەی هەبێت.

8. توانای پراکتیزەکردنی لە واقیعدا هەبێت (Practicality): تیۆرەکە بەسوود بێت بۆ پەیڕەوکارانی لە ڕێکخستنی هزر و ڕێککارەکانیان کە چوارچێوەیەکی مەعریفیان بۆ پەیڕەوکردن پێ دەبەخشێت.


araz.radha@su.edu.krd

تەوەری

4


# میتۆدی زانستی:


- بریتییە لە کۆمەڵێک هەنگاو و ڕێکاری کرداری بۆ بەدەستهێنانی مەعریفەی ڕاست و ڕەوان. زانست پشت بەم هەنگاوانەی میتۆدی زانستی دەبەستێت تاوەکو بیسەلمێنێت کە گریمانەیەک ڕاستە یان هەڵە.
- لە میتۆدی زانستیدا لە یەکێک لەم دووانەوە دەست پێدەکەین: ورووژاندنی پرسیار، یانیش تێڕامان (تێبینیکردن) Observation، لە دوای پرسیار و تێڕامانەوە هەوڵ دەدەین کە وەڵامی ئەم دیاردە و پرسانە بدەینەوە، هەر بۆیە زانیاریەکانمان کۆدەکەینەوە لە ئەنجامی تێڕامانەکانمانەوە، پاشان پەنا دەبەینە بەر دارشتنی گریمان، بریتین لە کۆمەڵێک گریمانە بۆ ئەوەی تاقیبکرێنەوە تاوەکو بزانرێت ڕاستن یانیش هەڵە.


araz.radha@su.edu.krd

# ڕێکارەکانی میتۆدی زانستی

## Scientific Method








araz.radha@su.edu.krd

# ڕێکارەکانی میتۆدی زانستی

میتۆدی زانستی






araz.radha@su.edu.krd

# پێکەوە

# گفتوگۆیەکی کراوە و بونیادنەر



araz.radha@su.edu.krd





araz.radha@su.edu.krd